راوێژکاری سەرۆک وەزیران : باجەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر عێراق نابێت

راوێژکارێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، دڵنیای دەدات باجەکانی ئەمریکا کاریگەری لەسەر عێراق نابێت و ئەمریکا بۆ ئاوان هاوبەشێکی سەرەکیی ئابووری نییە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٦ـی نیسانـی ٢٠٢٥، مەزهەر ساڵح، راوێژکارێکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەم بڕیارانەی ترەمپ جیهان هاوشێوەی جەنگی دووەمی جیهانی گۆشەگیر دەکات.

ئاماژەی بۆشکرد، هێناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ ئەمریکا زۆر نییە و ساڵانە لە پێنج ملیار دۆلار تێپەڕ ناکات وباجەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری عێراق نابێت.

ئاوڕشی خستەڕوو، بەهۆی ئاوەی ئابووری ئەمریکا یەکێکە لە گەورەترین ئابورییەکانی جیهان، پێشبینی دەکرێت ئەم بڕیارانەی کاریگەرییان لەسەر بەرزبوونەوەی تێچوی زنجیرەی دابینکردنی پێداویستی جیهانی هەبێت و دەخێکی هەڵاوسانی سنوربەزێن دروستبکات.